# شەری ساردی پارتی و یەکیەتی کەی تەواو دەبێ؟

ئیبراهیم مەلازادە
Malazada86@hotmail.com

لە مێژە خەون دەبینین. لە مێژە فێل لە خۆمان دەکەین و دەڵێین دەی بەو هیوایەی ئەمجارە هەڵسینەوە، ئەمجارە دەرفەتەکان لەدەست نەدەین و سوود لە دیرۆک وەربگرین. برینەکانمان هێندە قوڵ و هێندە بێ چارەسەر بوون لەگەڵ کزترین روناکیش دەکەوینە تەقەی خۆشی و هەولی هەڵسانەوە دەدەین، وەکو مارانگەستە لەگەڵ کەمترین رەشەبا نائومێد دەبین و نوزەمان لێ بەرز دەبێتەوە. جێگای سەرسوڕمان نیە چارەنوسمان بکەوێتە دەستی کۆمەڵێک حیزب و سەرکردەی کە ئامادەن بۆ دوژمنی راستەقینە بچەمێنەوە و بە گەورەی قبوول بکەن لێ بەرامبەر یەکتر ئەو ئامادە باشیەیان تێدانەبێت، ئەمە کولتورێکی بەدەویانەی ناشارستانیانەیە و رەگ وریشەی دەگەرێتەوە بۆ سەدان ساڵ و بە شێوەیەکی بەردەوام داماندەرزێنێت، دیاردەیەکە بەداخەوە نیشتمانی زۆربەی گەلانی دونیای ئیسلامی گردۆتەوە.

لەگەڵ ئەوەش کە زۆربەی چاودێر و خەڵکی کوردستانیش دەیانزانی ئەو بەیەک لیست دابەزین و یەک ریزیە یەک ئیرادەیی و یەکریزییێکی ستراتیژ نیە لە ئاست هەرەشەکانی دەرەوە و هەموو ئەو گیروگرفتانەش کە کۆمەڵگای کوردی پێیەوە دەناڵێنێ، بەڵام لەگەڵ ئە وەش گەلی کورد لە سەرتاسەری کوردستان بە گەرمترین شێوە پێشوازی لەو یەکریزی و تەباییەی پارتەکانی باشووری کوردستان کرد، ئەمە لە خۆیدا گەورەترین ریفراندۆمێک بوو کە نیشانیدا گەلی کورد لەگەڵ تەبایی و یەکریزی دایە. بە شێوەیەکی بەردەوامیش لە خۆزگەی ئەوەدایە کە ئەو هەنگاوانە سەرەتاو بناغەیەک بن بۆ هەنگاوی گەورەترو کاریگەر تر.

لێ کۆمەڵێک دیاردە و نیشانەی ناتەبایی رۆژ بەرۆژ دەکەونە رۆژەڤی کوردستان و پاشەکشێ بە ئومێدەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن و دڵەراوکێیەکی گەورە دروست دەکەن بە داهاتوو دەستکەوتەکانی ئەو میللەتە.

* رۆژێک دەڵێن بەرێز بارزانی سەرۆکی هەرێمە و کۆسرەت رەسوڵ جێگریەتی، رۆژێکی تر دەڵێن نەخێر سەرۆکی هەرێم جێگری نابێ.
* دەڵێن: چوار وەزارەتی هەردو حکومەتەکەی هەرێم وەزیری هەرێمیان بۆ دادەنرێ و جارێ یەکناگرنەوە. ئەمەش مۆدێلێکی تری دەسەڵاتەو مەگەر تەنها کورد داهێنەری بن ئەگینا لە کوێی سەرزەوی شتی ئاوا رووی داوە.
* دەڵێن هەولێر پایتەختە و سولێمانیش پایتەختە و کەرکوکیش پایتەختە بەڵام ئەویان لە دڵدا. ئەی ئەوە مەتەڵ نیە؟ زۆر بیرم لەو مەتەڵە کردەوە بەڵام بۆم راڤە نەکرا.

* دەڵێن: هێشتا هەموو مەسەلەکان یەکلا نەکراونەتەوە و کاتێکی تریشی دەوێ تا چارەسەریان بۆ دەدۆزینەوە. یا بە واتایەکی تر هێشتا رێککەوتنێکی گشتی لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی کوردستان لە ئارادا نیە و کاری بۆ دەکرێ.
* سەبارەت بە کەرکوک و شارو شارۆچکەکانی تری رزگار نەکراوی کوردستان راوبۆچوونەکان رۆژانە لە کورت و درێژیدان و لەسەر زەویش شتی ئەو تۆ لە ئارادا نیە، عەرەبە هاوردەکان و تورکمانەکانی سەر بە میتی تورکیش دەبرن و دەهەنجن. سەرکردە عەرەبەکانیش دەزانن گەمەکە لە دەستی ئەو خەڵکە هاوردە و تورکمانە توندرەوانە دایە و تا ئێستاش تینێکی ئەوتۆیان بۆ نەهاتووە و نەبایان دێ نەباران، بێجگە لەوەی کە لە خەیاڵیشیان قبولی ئەوە ناکەن کەرکوک بگەرێتەوە باوەشی کوردستان. تورکیاش دەڵێ: راو بۆچوونەکانی تاڵەبانیمان بەدڵە لەمەڕ کەرکوک، بەڵام بارزانی ئاگر خۆش دەکات. خۆ پایتەختبوونی کەرکوکی دڵ و قودسیش وردە وردە لە فاعیلیەتی خۆیان بەتاڵدەبنەوە.

* لە لایەکی تر ولەکاتێ‌کدا هەموو خەڵک بە شەوقێکی زۆرەوە چاوەرێی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی هەڵبژێردراویان دەکرد و لە پرێکا دەڵێن: بە داخەوە هێشتا لەسەر دابەشکردنی کورسیەکان رێکنەکەوتووین. ئەی ئەگەر هەر رێکنەکەون؟!!!!

* یان دەڵێن: لەبەر سەرقاڵیمان بە پێکهێنانی حکومەتی ناوەندو دانوستاندنەکان لەوانەیە هەندێک پرسی هەرێمی دوا بکەن.
* لەو لایەشەوە وەفدی دوژمنی سەرسەختی تورک دێتە کوردستان و بەسەر سەری حکومەتێک باز دەدات و دەچنە حکومەتەکەی ئەوبەرو پیرۆزبایی رەجەب ئۆردۆغانی ئیسلامی بۆ بەڕێز مام جەلال دەبەن بۆ سەرۆکایەتی عیراق. بەوەش ناوەستن، بەڵکو ئامادەن تا هەتایە پشتیوانی لە مانەوەی مام جەلال بکەن لەو پۆستە!! سەیریش لەوەدایە حیزبێکی ئیسلامی تورکی داوا لە مام جەلال دەکات رێ لە دامەزراندنی حکومەتێکی ئایینی لە عیراق بگرێت!!! ئەمەش هزرو بیری ویسایەتی عوسمانیمان دێنێتەوە بیر و دەخوازن جێبەجێکردنی لە یەکترازانی جیاوازیە مەزهەبیەکان بە کورد ئەنجام بدەن و شەڕی مەزهەبەکانیش بە کورد بکەن.
* لەم لایەشەوە کاک نێچیروان بارزانی رێژەی بەرزی ئەو کۆنتراکتانەی کە لەگەڵ بازرگانە تورکەکان بەستراون و لە کوردستانی ژێر دەستی پارتی کاردەکەن دێنێتەوە بیر تورکیا، ئەم بیرئانینەش لە بەرامبەر کۆمەڵێک ئەگەردا.
* لە بەرامبەر ئەو هەموو ئەگەرانەدا دەبێ یەکریزی پارتە کوردیەکانی باشوور لە کوێی خواستەکانی گەلی کورددا بێت؟
ئەم هەموو گیروگرفتانە لە دوو حاڵەت تێ ناپەڕن.

یا ئەوەتا ئەو کێشەو گیروگرفتانەی نێوان هەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار هێندە گەورەو ئاڵۆزن چارەسەرکردنیان لە چارەسەرکردنی گیروکرفتەکانی نێوان شەڕی ساردی نێوان ئەمەریکاو یەکێتی شۆڕەوی رۆخاو ئەستەم ترو ئاڵۆزتر بن، بەو پێیەش دەبێ خەڵکی کوردستان زیاتر لە هەشتا ساڵ چاوەڕێی دارمانی یەکێک لەو بلۆکانە بکەن بۆ ئەوەی تاک جەمسەرێکی کوردی دروست بێت و کێشەکانمان یەکلا بکاتەوە. لە حاڵەتی قوڵی ناتەبایی نێوان ئەو دوو زلحیزبەش تا ئاستی چارەسەرنەبوونیان یەک ئیدنتیتەیی کورد دەکەوێتە بەر پرسیاری زۆر گەورە!!!

یا ئەوەتا ئەو دانیشتنانە بە عەقلێکی رۆژهەڵاتیانەی بێ پلان و بێ ئەجندا ئەنجام دەدرێن، دانیشتوەکان لەبەر قسەی خۆش و خواردنەوە و خواردنی خۆش پرسە چارەنووسسازەکانیان لە بیر دەچێ یا کاتیان بۆ نامێنێ و دوای دەخەن بۆ دانیشتنێکی تر، بەو شێوەیە دانیشتنی داهاتووش بە هەمان شێوەی پێشوو دووبارە دەبێتەوە. لەو سەروبەینانەشدا دەیان رووداو و دەستێوەردانی هەرێمی و ئەگەری هەمەجۆر دێنە پێش و بەو شێوە پرسە چارەنوسسازەکانمان لە بەرامبەر کۆمەڵێک ئەگەردا لە قورگی نەهەنگە گەورەکاندا دووچاری مەرگەساتی گەورە دەبن و پرسەکان نەک هەر لە یەک قۆناغدا گر دەخۆن بەڵکو ساڵانێکیش بۆ دواوە دەگەڕێنەوە.

ئەگەر ئیرادەی ستراتیژی و بەرپرسیارانە هەبێ کۆسپ و تەگەرەکان چین بەرامبەر تێکەڵکردنەوەی ئەو دوو حکومەتەی کە بونەتە لاوازترین و ناشیرین ترین بازنەی بەردەمی ئاساییشی نەتەوەیی کورد، هەروەکو بونەتە جێی گاڵتەجاڕی داخلەدڵ و ناحەزانی گەلی کوردیش.

ئەو دوو حکومەتیە گەورەترین شاهید و بەڵگەیە لەسەر نەبوونی دیموکراسیەت و یەکتر قبووڵنەکردنی یەکتر، هەروەکو بەیەکتر نەگەیشتنی ئەو دوو دەسەڵاتەش لە ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵی رێک لە دانوستان و دەیان رێککەوتننامە و سەدان داخوازینامەی خەڵکی کورد بەڵگەیە لەسەر کەللـە رەقی مرۆڤی کورد و دەسبەرداربوونیان بۆ بەرژەوەندیە تەسک و خێزانی و حیزبیەکانیان.
پرسیاری گرنگ ئەوەیە بۆ عەرەبەکان رازی بن کوردێک سەرۆکیان بێ، بەڵام کورد بە سەرۆکێکی کورد رازی نەبن و ئەم سەرۆک بوونە بکەوێتە ناو هاوکێشەکان و بگرەو بێنەکان؟

بۆ عەرەب رازی بن هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هێزی سەربازی عەرەب لێکبدرێ و کوردێک سەرۆکی ئەرکانی عیراقی بێ، بەڵام کورد لە نێوان خۆیاندا نەتوانن هێزەکانیان یەک بکەنەوە؟ مەترسی لە یەکگرتنەوەی ئەو دوو هێزە لەسەر بوون و چارەنووسی گەلی کوردە یا لەسەر ئاساییشی دوو حیزبە؟؟ نەگەیشتنیان بە چارەسەرێکی شایستە بۆ یەکنەگرتنەوە لەبەر خاتری چاوی رەشی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردە یا لەبەر بەرژەوەندیە تەسکە حیزبیەکان؟

ئەوە ئاشکرایە و منالێکی کوردیش هەستی پێدەکات تورکیای کەمالی گاڵتە بە چارەنوسی گەلی کورد دەکات و بە عەقڵی سەرکردەکانیش پێدەکەنێ. بەڕای من هەموو پیرۆزباییەکی تورک بۆ هەر کوردێک پەرداخە ژەهرێکی تێدایە، کەی تورک لە پارتێکی کوردستانی رازی بوون لەسەر هەموو کوردێک پێویست دەبێ زەنگی مەترسی هەڵبکات، کە تەنگاویش دەبن ئەوە بەڵگەی رووناکی و

گەرمی ماڵی کوردە. زۆر بە ئاشکرا تورک دەیانەوێ ئەو کزە یەکرێزیەی کە هەیە تێک و لێکی بدەن و بە سیاسەتی پەرتکەو زاڵبە خەونەکانی کور زیندە بەچاڵ بکەن و خۆشیە هەنوکەییەکانی کوردیش بگۆڕن بە تراژیدیایەکی تر.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا گەلی کورد خۆی ئامادە کردووە بۆ هەر ئەگەرێکی کت وپڕ؟

ئایا پارتە سیاسیەکانی کوردستان دەرکی ئەو مەترسیانەیان کردووە کە لەبەر دەم خەڵکی کوردستاندان؟

پێویستە جیاوازی بخرێتە نێوان پرسە ناوخۆیی و دەرەکیەکان. دەبێ پرسە ناوخۆییەکان و ڕێکخستنی ناو ماڵی کورد هەرگیز بە پرسە دەرەکیەکان گرێ نەدرێن. پرسە دەرەکیەکان بریتین لە داخوازیەکانی گەلی کورد بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان، بۆیە ڕێککەوتنی ستراتیژی گەرەکە لە نێوان پارت و سیاسەتمەدارانی کورد. هەروەکو ڕێکخستنی ناو ماڵی کوردیش دەبێ بە تێڕوانینێکی دیموکڕاتیانە و یەکتر قبوڵکردن و ئارامی و خۆشگۆزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان لە ڕیزی یەکەمی پرسەکان بێ.

* لە دوا ژمارە (182)ی ڕۆژنامەی میدیا بلاو بۆتەوە.